بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

أما بعد : یەکێک لەو هۆکارانەی کە خوای پەروەردگار لە فەرموودەیەک لە فەرمووده قودسەکاندا ( ألاحاديث القدسية ) دیاری کردوە بۆ ئەوەی موسڵمانانی یەکخواپەرست بە هۆیەوە خۆشەویستی خوای پەروەردگاریان بە دەست بهێنن ، بریتیە لە ئەنجام دانی سوننەتەکانی نێردراوەکەی ( صلى الله عليه وسلم ) کە فەرمویەتی : (( ... وما تقرب إليَّ عبدي بشيء أحب لي مما افترضتُهُ عليه ، ولا يزال عبدي يتقرب إليَّ بالنوافل حتى أُحبهُ ، فإذا أحببتُهُ كنت سمعَهُ الذي يسمعُ به ، وبَصَرَهُ الذي يُبصِرُ به ، ويَدهُ الذي يَبطُشُ بها ، ورِجْلَهُ الذي يَمشي بها ، ولئن سألني لأَعطينهُ ، ولئن استعاذني لأعيذنهُ )) ( البخاري ) .

واتە : دوای بەدیهێنانی فەرزەکان بەندەکەم بەردەوام لێم نزیک ئەبێتەوە بە ئەنجام دانی سونەتەکان ، تاکو ئەو کاتەی کە خۆشم ئەوێ ... هتد .

یان ئەبینین لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانی کردوە بەپێغەمبەری ئازیزمان ( صلى الله عليه وسلم ) بە ئومەتەکەی بڵێت : ئەگەر خواتان خۆش ئەوێ شوێنی من بکەون ، لە ئەنجامدا خوای پەروەردگار خۆشی ئەوێن ، و لە تاوانەکانتا خۆش دەبێت ، ئەوەش لە ئایەتی (٣١) ی سورەتی ( آل عمران ) کە فەرموویەتی :

﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ .

برای موسڵمان : لە ژێر تیشکی ئەم ئایەت و فەرموویەدەدا ، وە بۆ بە دەست هێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار و بۆ بەکارکردنی بەشی دووەمی شایەتومانەکەمان کە پێی ئەوترێ (( توحيد المُرْسَل )) یان (( توحيد المُتَابَعة )) کە تێیدا دانمان بەوەدا ناوە کەتەنها شوێنکەوتنمان بۆ پێغەمبەرە ( صلى الله عليه وسلم ) ئەوەم بە



پێویست زانی هەندێک لە سونەتەکانی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دیاری بکەم لەمانگی شعباندا ، بۆ ئەوەی موسولمانانی یەکخوا پەرست بە هۆی ئەنجام دانی ئەو سونەتانەی خۆشەویستی خوا بە دەست بهێنن . إن شاء الله ـ لە گەڵ ئەوەشدا هەندێک لەو بیدعانە ئاشکرا بکەم کە لەم مانگەدا بەدی هێنراون ، بۆ ئەوەی . بە پشتیوانی خوای پەروەردگار . لێیان دوور بکەوینەوە ، چونکە هەر کردارێک فەرمانی قورئانی پیرۆز و فەرمودە (صحيح ) ەکانی پێغەمبەری لەسەر نەبێت بەڕوی خاوەنەکانیاندا دەدرێتەوە ، هەر وەکو پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی : (( مَنْ أَحْدَثَ في أَمْرِنا هذا ما لَيْسَ مِنهُ فَهوَ رَد )) (البخاري و مسلم)

ئەوەش بەم پێ یەی خوارەوە :

## ڕۆژووی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەشعباندا

دایکی موسوڵمانان ( عائشة ) ڕەزای خوای لێ بێ . فەرمویەتی کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) (( ما يَصومَ في شَهْرٍ ما كانَ يَصومْ في شعبان ،كانَ يَصومه إلا قَليلاً ، بَلْ كانَ يَصومَ كُلهُ )) ( البخاري و مسلم )

واتە : لە هیچ مانگێک دا بەڕۆژوو نەدەبوو وەک ئەوەی کە لە شعباندا بەڕۆژوو دەبوو ، ئەم مانگە بەڕۆژوو دەبوو جگە لە هەندێکی نەبێ ، بەڵکو هەمووی بە ڕۆژوو دەبوو .

هەروەها دایکی موسوڵمانان ( أم سلمة ) ە ش لە فەرمودەیەک دا ڕۆژووی پێغەمبەرمان ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ دەگێڕێتەوە لەم مانگەدا کە فەرمویەتی : ((أن الرسول الله ــ صلى الله عليه وسلم ــ لم يكن يصوم من السنة شهراً تاماً إلا شعبان ، يَصلُ به الرمضان )) ( أخرجه أحمد وأبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه ، وصححه الألباني في صحيح ابن ماجه برقم (١٣٣٦) ) .

واتە: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕۆژووی هیچ مانگێک لە مانگەکانی ساڵی بەتەواوی نەدەگرت جگە لە شەعبان نەبێ ، دەیدا بەدەم ڕەمەزانەوە .

## حیکمەت لەم رۆژووە

موسڵمانی خواناس : ئەگەر بمانەوێت حیکمەت لە ڕۆژووی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بزانین لەم مانگەدا ، ئەوا ئەبینین (( أسامة )) ی کوری (( زيد )) ـ رەزای خوایان لێ بێ . لەم بارەیەوە پرسیار دەکات لە پێغمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کە فەرمویەتی : (( قلت يا رسول الله ،لم أراك تصوم من شهر من الشهور ما تصوم من شعبان ؟ قال ذلك شهر يغفل الناس عنه ، بين رجب ورمضان وهو شهر ترفع فيه الأعمال إلى رب العالمين ، فأحب أن يرفع عملي وأنا صائم )) ( رواه أبو داود والنسائي وابن خزيمة ) . واتە : ئەوە مانگێکە خەڵک لێی بێ ئاگایە ، ئەکەوێتە نێوان ( ڕەجەب ) و ( ڕەمەزان ) ەوە ، مانگێکە کردەوەکانی تێدا بەرز دەکرێتەوە بۆ لای خوای پەروەردگار ، جا پێم خۆشە کە کردەوەکانم بەرز دەکرێنەوە بە ڕۆژوو بم ، بۆیە پێویستە ئێمەی مووسڵمان هەوڵی ئەوە بدەین کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بکەین بە سەرمەشقی خۆمان و پێشمان خۆش بێ کاتێک کە کردەوەکانمان بەرز دەکرێتەوە بۆ لای خودای پەروەردگار بە ڕۆژوو بین ، بەڵکو لەو کەسانە بین کە خوای میهرەبان خۆشی ئەوێن ـ إن شاء الله ـ .

## فەزڵی شەوی نیوەی شەعبان

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە فەزڵی شەوی نیوەی شەعبان فەرموویەتی : (( ينزل ربنا تبارك وتعالى إلى سماء الدنيا ليلة النصف من الشعبان فيغفر لأهل إلا مشرك أو مشاحن )) ( صحيحة الألباني في ظلال الجنة في تخريج السنة : ٥١٠ ) ، واتە : خوای پەروەردگارمان لە شەوی نیوەی شەعبان دائەبەزێ بۆ ئاسمانی دونیا . دابەزینێک کە شایستەی زاتی موبارەکی بێ ، ناشبێ بووترێت قودرەتێتی دادەبەزێت نەک خۆی . و لە گوناهی هەموو کەسێک خۆش دەبێت جگە لە کەسانێک نەبێت کە هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەن ، یان کە سانێک (مشاحن) بن ، (مشاحن ) یش ، واتە : کەسانێک ڕقەبەریان لە نێواندا هەبێ ، یان هەر وەکو ( أوزاعی ) فەرموویەتی : مەبەست لێرەدا کەسانێکە خاوەن بیدعە بن و لە کۆمەڵی موسڵمان دەرچوو

بێت (واته : شوێنكەوتەی (سلف) و سەلەفی نین لە بیروباوەڕ و بانگەواز و كردەوەدا ، و لە كۆمەڵی ئەهلی سوننەت و جەماعەت یان (أهل الحديث ) دەرچو بێت) .

**ئەو بیدعانەی لەم مانگەدا داهێنراون**

بەندەی خواناس و یەك خوا پەرست : ئەبێ لە هەموو كردارێكدا كە ئەنجامی ئەدەی ئەوە ڕەچاو بكەی بە پێی قورئانی پیرۆز و فەرموودە (صحيح) ەكانی پێغەمبەر بێت (صلى الله عليه وسلم ) و دوور بێ لە هەموو جۆرە بیدعەیەك كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەربارەی فەرموویەتی : " ...كل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار " ( صحيح : صححه الألباني في الخطبة الحاجة ) ، واتە : هەموو بیدعەیەك گومڕاییە ، و خاوەنی هەموو گومڕاییەك لە ئاگری دۆزەخ دایە . خوا پەنامان دات . ، بۆیە موسڵمانی خوا ویست خۆت بپارێزە لەم بیدعانەی كە لە مانگی شەعبان دا بڵاو بوونەتەوە :

**نوێژی (الألفية )**

ئەم نوێژە یەكێكە لەو بیدعانەی كە لەم مانگەدا داهێنراوە ، جیاوازیش نیە لەوەی كە بەتاك ئەنجام بدرێت یان بە كۆمەڵ ، لە مزگەوت بێ یات لە ماڵ ، هەروەكو پێشەوا (ابن تيمية ) فەرموویەتی : (( وكذلك ما قد أحدث في ليلة النصف من الاجتماع العام للصلاة الألفية في المساجد الجامعة ، ومساجد الأحياء والدور والأسواق ، فأن هذا الاجتماع لصلاة نافلة مقيدة بزمان وعدد وقدر من القرآن : مكروه لم يشرع فإن الحديث الوارد في الصلاة الألفية موضوع باتفاق أهل العلم بالحديث ، وما كان هكذا لا يجوز استحباب صلاة بناء عليه ))

( اقتضاء الصراط المستقيم : ٣٠٢ )

هەروەها پێشەوا (النووي ) فەرموویەتی : (( صلاة رجب و شعبان بدعتان قبيحتان مذمومتان )) واتە : نوێژی ڕەجەب كە پێی ئەوترێت : (صلاة الرغائب ) و شەعبان كە پێی ئەوترێت : (صلاة الألفية ) دوو نوێژی بیدعەن و ناشایستەن و زەم كراون .

هەروەها پێشەوا (العراقي ) دەربارەی فەرموودەی ئەم نوێژە فەرموویەتی : ( حديث صلاة ليلة النصف باطل ) .



**تایبەت كردنی ڕۆژی نیوەی ئەم مانگە بە ڕۆژوو جگە لە ڕۆژانی تری**

پێشەوا (ابن تيمية ) دەربارەی تایبەت كردنی ڕۆژی نیوەی ئەم مانگە بە ڕۆژوو جگە لە ڕۆژەكانی تری فەرموویەتی : (( فأما صوم يوم النصف مفردا فلا أصل له ،بل إفراده مكروه )) .

هەروەها ( سيد سابق ) فەرموویەتی : (( وتخصيص صوم يوم النصف منه ظنا إن له فضيلة على غيره ، مما لم يأت به دليل صحيح )) ، كەواتە : نابێ ئەم ڕۆژە تایبەت بكەین بە ڕۆژوو جگە لە ڕۆژەكانی تر ، بەڵكو ئەبێ وەكو هەر ڕۆژێكی تر لە ڕۆژەكانی شەعبان سەیر بكرێت و جیا نەكرێتەوە لە ڕۆژەكانی تری

**درووست كردنی خواردن و خواردنەوە لە نیوەی ئەم مانگەدا**

**( واتە : شەوی بەرات )**

یەكێكی تر لەو بیدعانەی كە لە نیوەی ئەم مانگەدا ڕوودەدات درووست كردنی خواردن و شیرینی بەخشین و خۆ ڕازاندنەوەیە هەروەكو چۆن لە جەژنەكاندا ڕوودەدات ،پێشەوا (ابن تيمية ) فەرموویەتی : (( وكذلك اتخاذ موسما تصنع فيه الأطعمة ، وتظهر فيه الزينة ، هو من الموسم المحدثة المبتدعة التي لا اصل لها ))

( اقتضاء الصراط المستقيم : ٣٠١ ـــ ٣٠٢ ) .

**كۆتایی**

برای موسڵمان : ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە كە یەكێك لەو ڕێگایانەی كە ئەتوانین بە هۆیەوە خۆشەویستی خوای پەروەردگار بە دەست بهێنین ئەنجام دانی سونەتەكانی پێغەمبەرە ( صلى الله عليه وسلم ) و یەكێكیش لە سونەتەكانی پێغەمبەرمان ( صلى الله عليه وسلم) بریتی یە لە گرتنی ڕۆژووی زۆربەی ڕۆژەكانی شەعبان یان هەموو مانگەكە ، جا داواكارم لە خوای پەروەردگار من و ئێوەش سەركەوتوكات بۆ پەیڕەوكردنی ئەم سونەتەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) و زیندووكردنەوەی لەناو موسڵماناندا ، هەروەها یارمەتیشمان بدات بۆ مراندن و بنەبڕكردن و نەهێشتن و دژایەتی كردنی هەموو بیدعەیەك .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ



# ڕوونكردنەوەیەكی پێویست سەبارەت بە هەندێك لە

# سوننەت و بیدعەكانی

# مانگی شەعبان

نووسینی

ماموٚستا عدنان بارام

www.ba8.org